# بازرگانیکردن بەژنان
# یان
# سیمایەکی دزێوی کەڵەکەکردنی سەرمایە..!!

سەروەر کەریم
Sarwar kareem@yahoo.com

دیاردەی بازرگانیکردن بەژنانەوە، مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە، لەوکاتەوەی دەسەڵاتی کۆیلەو سەید دامەزراوە بازرگانیکردن بوونی هەیەو بەڕێگای جۆراوجۆر لەسەر ژنان جێبەجێدەکرێ, لەئامانجدا ئەو کردارەی پیاوان جگە لەفرۆشتنی ئەو ئینسانەو تێرکردنی ئارەزووەکانی کڕیار هیچ مانایەکی تری نییەو فرۆشراویش، لەهەموو بەها ئینسانییەکانی دادەبڕێتو دەبێتە کاڵاو نرخی لەسەر دادەنرێت.

لەکۆندا ژنان لەلایەن پاشاو مەلیکو خاوەن سامانەوەو بەرێژەیەکی بەرچاو بازرگانییان پێوەدەکراو وەک کۆیلەو کەنیزەکو جاریە ڕادەگیرانو خاوەنی هیچ جۆرە مافێک نەبوون, کڕیار بۆی هەبوو هەموو شتێکی لێبکات کە ئاسانترینیان دەستدرێژیی سێکسی بوو، هەرکاتێکیش بیویستایە دەیفرۆشتەوە, لەو سەردەمەدا ژنان هێندە دەچەوسێنرانەوە،بەبێ ئەوەی هیچ بەرگرییەک هەبێ لێیان، تاکو لەگەڵ ئاژەڵیشدا جووتدەکران, لەمێژوودا کرداری هارونە رەشید زۆر ڕوونە کە چۆن مەیمونی لەگەڵ کەنیزەکەکان جووتدەکرد.

بەدرێژای بەرەوپێشچوونو گۆڕانکارییەکان لەدەسەڵاتو دەستووردا شێوازی بازرگانیکردن بەژنانەوە قاڵبو چوارچێوەی جیاوازی وەردەگرتو ئالیەتەکانی بازرگانیکردن بەژنانەوە فراوانو مۆدێرنتر دەبوو،مافیاو تاقمی جۆراوجۆری بازرگانی ژنان پەیدابوونو چەندین سنووری جۆراوجۆریان دەبڕی و دەگەیشتنە ئەو وڵاتانەی کە هەژاربوون بۆ فریودانی ژنانو فرۆشتنیان بەبازاڕەکانی سەرمایەی سێکسی.

بازارگانیکردنی ژنان لەدوای هەرەسهێنانی بلۆکی خۆرهەڵات بەشێوەیەکی ڕێکخراو دەستپێکردو وەسیلەکانی پێشکەوتن، کە زیاتر زانستو زانیاریی دەگرێتەوە، وەک تۆڕەکانی سەتەلایتو ئینتەرنێتو مۆبایل،ڕۆڵی کارایان گێڕاوە لەفراوانبوونی بازرگانیی ژنانو ئاسانکاریی لەگواستنەوەی نیچیرەکان لەخۆرهەڵاتو خۆرئاوادا, شێخ نشیینەکانی کەنداو ماوەیەکی زۆرە کە زۆرترین بازاڕی کڕینی ژنانو کچانی ئاسیای ناوەڕاستن بەناوی کارکردنەوە، بەڵام دواجار رۆژانە ئەو ژنوکچانەی هاتوونەتە کەنداو بەجۆرەها شێوە دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەریانو کەسیش بەرپرس نییەو ئەگەر نارەزایەتیش دەربڕن نان بڕاوەبن, لەم ساڵانەی دواییدا چەندین ناوچە بوونە پردی پەڕینەوەی تاقمەکانی بازگانیی ژنانو لەکەمترین ماوەدا ژنانیان لەئەورووپای خۆرهەڵاتو ئاسیاوە دەگەیاندە مەلهاکانی ئەورووپاو لەوێ بازرگانیی بەجەستەیانەوە دەکرا.

بەپێی ئامارێک کە قسە لەوە دەکات لەساڵی(1995)دا ئەو ژنوکچانەی کە لەنێوان وڵاتانی ئەورووپادا هاتووچۆ

دەکەن‌و بازرگانییان پێوەدەکرێت لەساڵێکدا (80) هەزار ژن بووە، بەڵام دواتر ئەو ڕێژەیە زیادیکردووە بۆ(120) هەزار لەساڵێکدا. باندەکانی بازرگانیی ژنان لەبیابانی سینا کە بەشێوەیەکی ئاشکراو لەسەر دەستی مافیاکانی ئیسرائیل بەڕێوەدەچێت‌و دەوڵەتیش گوێی پێنادات لەوەی ئەوروپا کەمتر نییە, ئامارەکان قسە لەوە دەکەن بەتەنها لەساڵی (2003)دا (15)هەزار کچ‌وژنی لاوی میسر لەو ڕێگەیەوە گەیەنراونەتە مەلهاکانی ئیسرائیل‌و لەوێشەوە بۆ ئەوروپا کە نرخی هەر دانەیەك بەپێی لاوێتیان لە (7-10)هەزار دۆلار بووە.

دیارە تاکو ئەو ئەندازەیەی جیهانی سەرمایەداریی پێشبکەوێت‌و هەستە ئینسانی‌و کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ کاڵا حساب بکرێ‌و بازرگانیی پێوەبکرێ ژنان گەورەترین قوربانیی دەبن‌و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەئامارێکدا بڵاوی کردۆتەوە کە داهاتی بازرگانیکردن بەژنانەوە ساڵانە خۆی لە(7) ملیارد دۆلار دەدات.

دیارە لەکۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتدا ڕێژەی بازرگانیکردن بەژنانەوە زۆرەو جۆری کڕین‌و فرۆشتنەکانیش جیاوازیی هەیە، بۆیە دەکرێت بڵێین گەر بەر بەو قوربانیدانە نەگیرێ ژنان دووچاری چەوساندنەوەی زیاتردەبن‌و بازرگانانی ئینسانیش کەڵەکەی زیاتری سامان دەکەن لەسەر جەستەی ژنان.

* ئەو ئامارانە لەگۆڤاری(خانوادە سبز) ژمارە 95وەرگیراوە.